دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق دەستگیرکردنی بەرپرسێکی بەعس لە هەولێر ڕاگەیاند

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق یەکێک لە بەرپرسەکانی ڕژێمی بەعس دەستگیرکردووە کە بە چەندین تاوانی کوشتن و لەسێدارەدان تەمەتبارە، هەروەها بە تاوانی چاندنی بەمب لەناو گیرفانی زیندانیان و تەقاندنی و کوشتنی دەیان هاوڵاتی کورد.

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاندووە، "تاوانبار خەیروڵا حەمادی یەکێک بووە لە بەرپرسە باڵاکانی دەزگای داپڵۆسێنەری بەعس کە سەرپەرشتی و تاوانی دژی چەندین هاوڵاتی بە تاوان ئەنجامداوە".

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق بەشێک لە تاوانی ئەو کادرەی حیزبی بەعس لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێن بەاوکردەوە و ڕایگەیاندووە، خەیروڵا حەمادی بەرپرسی ڕاستەوخۆی گرتن و ئەشکەنجەدانی ئەندام و کادیرانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی بوو لە پیاوان و ژنان، هەروەها بەرپرسی گرتن و ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیانی کورد بووە لە شاری بەغداد لە ساڵی 1974، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسی دەرکردن و کۆچکردنی هاوڵاتیانی ناوچەی نوگرە سەلمان بووە لە ساڵی 1980، بەرپرسی جەبەجەکردنی چەندین تاوانی لەسێدارەدان بووە دژی هاوڵاتیانی عێراقی، بەرپرسی سەرپەرشتی ئیعدامکردنی هاوڵاتیان و زیندانیان

بووە لە زیندانی ئەبوغرەب لە ساڵانی 1980 تاوەکو 1986، هەروەها بەرپرسی جەبەجەکردنی لەسەدارەدان بووە بە شێوازێکی دەندانە لەڕێگای تەقاندنەوە بەمب لەسەر دەی گیراوەکان و کردنی بەنەی لە گیرفانیان لە ساڵی 1984.

بەگوێرەی زانیارییەکان، خێیروڵا حەمادی لە هەوڵەر دەژیا و دوای فشارێکی زۆری حکومەتی عێراق بە سەر دەسەڵاتدارانی هەوڵەر، ئەو بەرپرسە بەعسیە دەستگیرکرا.